# چی پێشکەشی ژن بکەین لە ڕۆژی خۆیدا

(کاری ژن ئەوەیە وا لە زەوی بکات بسوڕێتەوە _نزار قەبانی)

**وێژە**

ئایا باسکردنی دۆز و ڕاستییەکانی ژیانی و، لەبەر داماڵینی ئەو واقیعەتە تاڵەی بە بەریدا دوردراوە، کە بەچەندین ساڵ کۆتاییان نایەت، لە قورسی سەر کێشەکەی کەم دەکاتەوە؟

ژنان لە وولاتانی پێشکەوتوو نا پێشکەوتوودا یەکسانن لە نایەکسانیدا، و ماف و حورمەتی مرۆیی ئەوان هەمیشە لە ژێرکۆمەڵێک پرسیاری داب و نەریتی و فەرهەنگیدایە.

لە زۆرێک لە ناوچەکانی جیهاندا هاوڵاتیەکە پلە دوو.

ژنان لە ناو سەرجەم توێژە کۆمەڵایەتییەکانی سەرتاسەری جیهاندا زوڵمیان لێ دەکرێت و بێبەش دەکرێن.

ژنان بەرەوڕوون لەگەڵ هەقدەستی کەم، ڕێزی کەم، بەهای کەم، توندو تیژی زۆر، لێدان و سوکایەتی و بێڕێزی زۆر.

ژنان لەشەرو ئاشتیدا، لە خۆشی و ناخۆشییدا، لە گرانی و هەرزانیدا، لە پێشکەوتوی و دواکەوتویدا، لە ولاتانی دیموکراسی و نا دیموکراسیدا گیرۆدەن بە دەست جیاوازی وتوندوتیژی و، چەوساندنەوەوە. دەوڵەت و کۆمەڵگاو خێزان چەتری ئەو کارانەن کە ڕووبە ژنان ئەنجام دەدرێت.

ژنان لە ژێر ناوی ناموسدا دەکوژرێن، ژنان دەشێوێنرێن، دەستدرێژی دەکرێتە سەریان و لە شوێنە دورەدەستەکاندا جەستەکانیان فڕێ دەدرێ.

لەلایەن تۆڕەکانی مافیای سێکسەوە ئیستیغلال دەکرێن و کاری لەشفرۆشییان پێدەکرێت ، ژنان دەفرێندرێن، ژنان خەتەنە دەکرێن ...

زۆربەی کاتیش فاکتەرە داب و نەریتە کۆنەپارێزە باوەکان، یاساکانی خێزان، هەژاری، نەخوێندەواری، ئەو هەلو مەرجانەن کە لەسایەیاندا باشتر کار لەسەر دەست درێژی کردنە سەر ئازادی ژنان دەکرێت و، وادەکەن کە دەست دەرێژیەکە پەیرەو بکرێت.

بە پێی یاسای نێو دەولەتی تایبەت بە مافی مرۆڤ هەموو جۆرە جیاوازی و توندو تیژی بەکارهێنانێک دژ بە ژنان قەدەغەیەو ڕێگەی گونجاو دەگیرێتە بەر بۆ چاودێری کردنی دەسەلاتداران، لە مەڕ ئەو وابەستەیەی لە خۆیانیان نیشان داوە بۆ جێبەجێکردنی مافەکانی ژنان و دابین کردنی و بەرگری کردنی مافەکانیان، بەهەمان شێوەش شێوازی جۆراو جۆر بەکاردەبرێت بە مەبەستی لێپێچینەوە لەهەر سەرپێچییەک...

بەڵام نەئەو وڵاتانەی بەڵێننامەکەیان مۆرکردوە پەیرەوی ئەم کارەدەکەن ، نە ئەو ڕێکخراو کەس و لایەنە بەر پرسانەش کە چاودێرن بەسەر پاراستنی مافەکانی ژنەوە توانیویانە هیچ بکەن.

جاڕنامەی گەردونیی مافەکانی مرۆڤ دەڵێت(مافی هەموو کەسێکە کەبەبێ جیاوازی بەهرەمەند بێت لەمافەکانی مرۆڤ) کە مەبەست لێرەدا بێجیاوازیی یەکسانی ژن و پیاوە.

لەلایەکی تریشەوە پەیماننامەی بنەبڕکردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازی دژ بەژنان کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە دەرچووە ، کاردەکات لەسەر گرتنەبەری هەموو ڕێو شوێنێکی شیاو بە مەبەستی بنەبڕکردنی جیاوازی دژ بە ژن.

کەواتە مافی تووش نەهاتنی ژنان بۆ جیاوازی مافێکی بنەڕەتی و سەرەکیە، کەمکردنەوەی لە ژێر هەر ناوو بارو هەلومەرجێکدا ، کار لەسەر هێشتنەوەی ژنان دەکات لەهەمان بازنەی داخراوی نایەکسانیدا.

هاوکات لە زۆرێک شوێن لە دونیادا کارکردن دژ بەبەکارهێنەرانی توندوتیژی لە ئارادایە و ئەنجامی کارەکانیشیان بونەتە هۆی گۆڕین یان فشار دانان.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توندوتیژی و نایەکسانی هەربەردەوامە.

دەکرێت لێرەدا کۆمەڵێ پرسیار خۆیان قوت بکەنەوە، کە بۆچی ژنان توشی توندوتیژی و جیاوازی دەبن ، ئەو هۆکارانە سەرەکیانە چین کە دەبنە هۆی بێبەری کردنی ژنان لە یەکسان بونیاندا لەگەل پیاوان، ئایا خودی پیاوە؟ ئایا مێژووە ؟ ئایا یاسایە؟

ئەی ئایا توندو تیژی دژ بە ژنان شتێکە سروشتیە ! کە هەتا ماوە دەبێت لە گە ڵیدا بێت، چونکە کۆمەڵگا ڕێگەی پێدەدات؟

زۆر کات خودی ژنیش پەنادەباتە بەر توندوتیژی بەکارهێنان لە دژی خودی خۆی، بە خۆکوشتن یان شێوازی تر ، ئایا ئەمە تۆڵەیە بۆ ئەو کۆمەڵگایەی ئەو تاکێکە تیایدا؟ ئایا دەتوانین بڵێین خۆسوتاندن سادەترین جۆرەکانی تەمەڕوددی ژنانە کە ئاکامەکەی بەداخەوە بە کۆتای خودی ژنەکە تەواو دەبێت نەک کۆتای هاتن بە توندو تیژی.

ئایا ڕاکردن، ڕەدوکەوتن، هەوارومەنزڵ بەجێهێشتن چارەیە؟

زۆر ئاساییە کە بڵێین کاتێ ژن ناهۆشیاربوو، وکۆمەڵگاو دەسەڵات وێنە جوانەکانی ئازادی تاکەکەسی ژنیان دیزە بەدەرخۆنە کرد ، توندوتیژی و نایەکسانی هەر بەردەوام دەبێت. وە هەتاوەکو دەستی ئەوانە نەبەسترێت کە توندوتیژی بەکاردەبەن و دەستی ئەوانەش لەکارنەخرێت کەلە پشت نەگۆڕانەوەن ، ئەم باسانە هەر درێژەیان دەبێت.

بە ڕای من ، پێویستە کار لەسەر بە هۆشیارکردنەوەی ژنان و پیاوان، وەبەتایبەت ژنان لە مەڕ ماف و داواکاریەکان بکرێت و، خۆیان گورج کەنەوە بۆ دروستکردنی پردێکی فشار بۆ سەر دەزگای بەرپرس لە دەوڵەت ، لە کۆمەڵگا، لە خێزاندا ، تا وا بکرێت لە هەموو جێیەکدا دان بە وەدا بنرێت کە مەسەلەی ژنان کێشەیەکی حەل نەکراوی کۆمەڵگایە و پێویستە چ دەوڵەت و چ دینیش و خێزانیش دەستبەرداری هەندێک لە یاسا سەپێنراوەکانی خۆیان ببن .

تاوەکوو ژنان بتوانن لەورێگەیەوە سەرێک بەرەو ئاسمانی یەکسان بونیان بەرزبکەنەوە . وە تاکە هێز و فاکتەری مسۆگەرکەری ئەم سەربەرزکردنەوەیەش ژنان خۆیانن، هۆشیاری و هزری ژێرمەندانەی خۆیانە.

بە خاتری ڕەوابوونی داواکانیان و سەندنەوەی ئەو ئازادیەی کە لێیان نامۆکراوە فشار بۆ سەر کۆمەڵگاو دین و دەوڵەت بهێنرێت تا خۆیان بکەن بە ساحەبی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە و لە ژێر ناوی داب و نەریت و کلتوریدا کێشەکان بە هەڵواسراوی نە هێڵنەوە..